# زوبدەی عەقیدەو میهرەجانی مەولەوی

بۆ زیاتر بە هەندگرتنی میهرەجانی مەولەوی ، بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ وبلاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کتێبی ( زوبدەی عەقیدە)ی مەولەوی لەسەر بودجەی ( گۆڤاری هەزارمێرد) چاپکردوەو لە ڕۆژانی میهرەجانەکەدا وەك دیارییەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێشکەشی میهرەجانەکەو میوانە بەڕێزەکانی میهرەجانەکەی دەکات .

کتێبەکە بە قەبارەی ٢١ بە ٣٣ و بە بەرگێکی قەشەنگی وێنەی شاعیری پایەبەرز ( مەولەوی) و دوالاپەڕەی دەست نووسی کتێبەکەی ڕازاوەتەوە بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانەو بە ژمارەی ( ١٧٣) لاپەڕە چاپکراوە.

مامۆستا ( محەمەد حەمە سالح) خستوویەتە سەر ڕێنوسی تازەی کوردی و ووشەو بەیتەکانی لێکداوەتەوەو پێشەکیەکی کورتی بۆ نووسیوە ، ( عبداللە قەراخی ) لە ڕوانگەی ( زوبدەی عەقیدەوە) پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە.

چاپکردنی کتێبێکی واو لە ڕۆژو بۆنەیەکی وادا ، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە ،بەلای منەوە چاپکردنی کتێبەکە کەمتر نییە لەو ئەرك و کارانەی ماوەیەکە وەزارەتی ڕۆشنبیری پێوەی خەریکە بۆ ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی مەزاری پیرۆزی مەولەوی ، هەروەها کەمتر نییە لەو باس و لێکۆڵینەوانەی لە لایەن مەولەوی ناسان و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمانەوە لە میهرەجانەکەدا پێشکەش دەکرێن ، دیارە ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی مەزارەکە پایەبەرزی مەولەوی تا هەتایە بە بەرز ڕادەگرێ ، باس و لێکۆڵینەوەکانیش دەبنە بەرهەمی میهرەجان و پلەوپایەی بەرزی مەولەوی پرشنگدارتر دەکات و دوور نییە باس و لێکۆڵینەوەکان بکرێنە کتێب و

بخرێنە ناو کتێبخانەی کوردییەوە ، چاپکردنی ( زوبدەی عەقیدە ) ش زیاتر گەورەیی مەولەوی دەکاتە ئاوێنەی بالأنمای سەر شنروێ و بریسکەی دەشتی سەرشاتەوشارەزوورو ناوچەی تاوەگۆزی ڕووناک دەکاتەوەو دەبێتە گولەباخێکی تری بۆنخۆشی مەولەوی و کتێبخانەی کوردی بۆنخۆش دەکات و بەرچاوی خوێنەری کورد ڕۆشن دەکاتەوە .

بە پێویستی دەزانم بەم بۆنەیەوەو بە خوێنەرانی گەلەکەمان و میوانەکانی میهرەجانی مەولەوی ڕابگەیەنم بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بلاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەمسال لە یادی (١٠٢) سالەی ڕۆژنامەگەری کوردی و لە (٢٢/ نیسان)دا ( ٨) کتێبی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی و خوێنەرانی گەلەکەمان کرد ، (٥) یان پەیوەندییان بە ڕۆژنامەگەری و مێژووی ڕۆژنامەگەرییەوە هەبوو ( ٢)یان سەبارەت بە شانۆ و یەکێکیان سەبارەت دەروونزانی بوو .. کتێبەکان بریتی بوون لەم کتێبانە :

( هەقتەبزانی ) وەرگێڕانی ( شێرزاد حەسەن) ، ( بوژاندنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد) وەرگێڕانی ( سدیق سالح) ،( مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی ) نووسینی ( مارف ناسراو ) ، ( چەند بابەتێك دەربارەی کەلتووری نەتەوەی کورد) نووسینی ( سەلام مەنمی ) ، (فەرهەنگی زەویزانی وێنەدار) نوسینی ( کەمال جەلال غەریب) ، (شایەت) نووسینی ( ئاشتی عوسمان) ، ( لە بازنەی شانۆدا ) نووسینی ( عەلی کەریم) ، ( چەند گیروگرفت و دیمەنێکی دەروونی ) وەرگێڕانی ( جەلال خەلەف ژالەیی ) پرۆژەی چاپکردنی ( زوبدەی عەقیدە)ی مەولەوی بۆ میهرەجانی مەولەوی ، بەلگەی بەرنامەڕێژی و پەرۆشی و بە خەمەوە بوونی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ خزمەتکردنی ڕۆشنبیری کوردی و نووسەران و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان دەردەخات .

( زوبدەی عەقیدە) دەکەینە دیاری بۆ میهرەجانی مەولەوی ، گەورەتر و شکۆدارتر بێت میهرەجانی مەولەوی و سەرکەوتووبێت بۆ بەردەوام بوون بۆ یادو بیرەوەری کەلەپیاوانی گەلەکەمان ..

محەمەد عبدولکەریم سۆلەیی